# بۆ میدیاکانی یەکێتی گرنگترین بڕگەی ژیانی تاڵەبانی یان باس نەکرد؟

**قادر ئەحمەد شارەزووری**

١) ئەوەی سەیری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بکات، ئەوە لەوەتەی تاڵەبانی بوویتە سەرۆک کۆمار ڕۆژ نییە وەک سیاسییەکی لێهاتوو مێژووی ژیانی باس نەکرێت، تائێرە شتەکە لە وانەیە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام ئەوەی هەر زۆر نائاسایی بێت وخەڵک درکی پێ دەکات ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی یەکێتی بە هیچ شێوەیەک بەلای ساڵانی **١٩٦٦ – ١٩٧٠** ناچێ، واتە ئەو ساڵانەی کە تاڵەبانی پشتی لە شۆڕشی کورد کردو بوو بە جاشی **٦٦** و هەر بە دەستی ئەویش خوێنی پێشمەرگەی کورد ڕژا و ژمارەیەکی زۆریش لە دێهاتی کوردستان وێران کرا و کەسیش ئەوە لە بیر ناکات کە چۆن بە پێش دەبابەکانی ڕژێم دەکەوەت و ماڵی هاوڵاتیانی کوردی دەرووخاند و بروسکەی سەرکەوتنی بۆ سەرانی ڕژێم لێ دەدا، وەک بڵێی ئەو ساڵانە هەر لە ژیانی تاڵەبانی دا نەبووینە، ژیانی هەر کەسێک کە بێتە باسکردن پێویستە هەر لە ڕۆژی لە دایک بوونیەوە تا ئەو ڕۆژەی کە دەمرێت باس بکرێت، ئەگەر تاڵەبانی ئەو ماوەیە بە جاشایەتی نازانێ بەو خەباتی لە قەڵەم دەدات ئیدی بۆ ڕاگەیاندنەکەی باسی ئەو ساڵانە ناکات؟ ئایا ئەم کارەی ڕاگەیاندنی یەکێتی دەستکاری کردن نییە لە مێژوو؟ ئەگەر دەستکاری کردن نەبێ ئەی دەبێ چی بێ؟

٢) بەداخەوە ڕاگەیاندنی یەکێتی و هەڵسوکەوتی هاوادارانی ئەو لایەنە وا پیشانی خەڵکی دەدەن کە گوایە تاڵەبانی تەنێ لە بەر ئازایەتی و لێهاتوویی وەک سەرکردەیەکی یەکێتی بۆ سەرۆک کۆمار هەڵبژێردراوە، بە بێ ئەوەی ڕاستی مەسەلەکە بدرکێنن کە بە هۆی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی و پشتیوانیکردنی تەواوی هێزەکانی کوردستان و خەڵکی کورد نەبوایە بە تایبەتی بارزانی ئەوا قەت تاڵەبانی بە حەیاتی خۆی ئەو پۆستەی بە چاوی خۆی نەدەدیت، ئەو

پۆسته یان دەبوایه بارزانی بیکات یانیش تاڵەبانی، که بارزانی – ش نەیکرد ئەوا له جیاتی خۆی تاڵەبانی هەڵبژارد که له وانەیه له لایەن خەڵکی کوردستانەوه جێی رەخنه بێت، چونکه نەدەبوایه تاڵەبانی هەتا وەک کوردێک بۆ ئەو پۆسته هەڵبژێردرێت و قەرەبووی جاشایەتی ئەو به سەر کۆماری بکرێت.

ئەوەی راستی بێت زیرەکی وسیاسەتزانیی تاڵەبانی ئەوی نەگەیانده ئەو پۆسته، بەڵکو خودی بارزانی ئەوی گەیاند و مەبەستیشی ئەوه بوو که کوردێک بگاته ئەو پۆسته و ئەو چاکەی بارزانی و له خۆ بوردەیی ئەو نابێ قەت له بیر بکرێ و بەم کارەشی گەلێ له جاران له بەر چاوی میللەت گەورەتر بوو، گەوریی ئەویش له وەدایه که رازی نەبوو به فەرمانی لایەنێک تەعین بکرێ.

هەقه هاوادارانی یەکێتی له جیاتی ئەو چەپڵه و هەڵپەرکێیەی که دنیایان پێ مژول کردووه و بۆ پۆستێکی رەمزی بێ دەسەڵات دهۆل دەکوتن و کاتی خۆیان بەو شته بێ مانایه به فیرۆ دەدەن خۆیان نەک بۆ پاراستنی سنووری عیراقی یەکگرتوو که تاڵەبانی سوێندی بۆ خوارد بەڵکو بۆ رزگاری کورد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان کار بکەن و ئەو چەپڵه و هەڵپەرکێیەی خۆیان بۆ ئەو کات هەڵگرن.